# ( موخەدەرات ) گەورەترین کێشەی وڵاتانە

[ بە کوردی ]

المخدرات آفة المجتمعات
[ باللغة الكوردية ]

نوسینی : پشتیوان سابیر عەزیز
المؤلف : بشتيوان صابر عزيز

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز
المراجعة: بشتيوان صابر عزيز

نوسینگەی ( ڕەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و وشیارکردنەوەی ڕەوەندەکان لە شاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة بمدينة الرياض

2008 -1429

islamhouse.com

## ( موخەدەرات ) گەورەترین کێشەی وڵاتانە

کێشەی ماددە بێهۆشەکان و پەیوەست بوون پێوەی یەکێکە لە گرنگ ترین کێشە هاوبەشەکانی ووڵاتان، سەرەڕای ئەو پێشکەوتنانەی کە لە بواری زانستی و ڕۆشنبیری و زۆربەی بوارەکانی تری ژیان پێی گەیشتویین بەڵام تا ئێستاش وەك کێشەیەکی سەخت ڕووبەڕوی دەبینەوە و مەترسی جۆربەجۆری دروست کردووە بۆ کۆمەڵگەکەمان و هەربۆیە پێویستە زاڵبین بەسەریدا و قەڵاچۆ بکرێت.

ئەگەر بێتو گرنگترین هۆکارە حەقیقی و دیاریکراوەکانی ئەم کێشەیە شیی بکەینەوە دەبینین کۆمەڵێ کاریگەری زۆر لەپشت ئەو کەسەوە هەیە کە ڕێگەی دەرمان کێشانی گرتۆتە بەر، تا گەیشتۆتە حاڵەتی پەیوەست بوونی پێوەی و مودمین بووە، وە لە سەرووی هەموو ئەم هۆکارانەوە لاوازی بەرهەڵستی ئایینی یە لەو کەسەدا، بەمانەیەکی تر ئایین و باوەڕ لەناخی تاکدا دەبێتە ڕێگری لەم کارە، ئەوەش ڕوون و ئاشکرایە تا خەڵکی پابەندبوونیان بە بنەماکانی ئیسلام و باوەڕ لاوازبێت

خراپەکاری و بەرەڵایی و دەردی زۆر لە کۆمەڵگەیا پەیدا دەبێت کە ئەم کارەش هەر یەکێکە لەو کێشانەی بە هۆی دووری تاك لە ئایینەوە ڕوودەدات، هەروەها ئاستی زانستی و ڕۆشنبیری ئەوەندە لاوازە کە وای لێدێت خۆی نەگرێ لەبەردەم ئەم ماددەیەدا و تیایا قوڵبێتەوە و بەهیلاك بچێت ، پەیوەستی دەبێت بێئەوەی بیر بکاتەوە لەو دەرئەنجامانەی هەڵیدەچنێ لەسەر یەك ، یان حسابێکی بۆ بکات.

ئەوەی لەم باسەدا بۆ ئێمە جێی بایەخە وەك کۆمەڵگەیەکی موسڵمان بریتی یە لە پێناسەکردنی ( موخەدەرات ) و زانيني حوکمی شەرعی دەربارەی بەکارهێنانی.

پێناسەی ( موخەدەرات ) :

١- ( موخەدەرات ) لە زمانی عەرەبیدا لە ( خَدَرَ ) هاتوە، وە سەرچاوەکەی ( التخدير ) ، واتە : شاردراوە ( الستر ) یان نادیار و ون بوو ، وە دەوترێت پیاو یان ئافرەت بێهۆش بوو ، واتە : نادیار بوو یان شاردراوە، وە هەروەها دەوترێت: ( الخدر ) بریتیە لە خاوبونەوەو تەمبەڵی کە توشی ئارەق خۆر دەبێت لە پێش سەرخۆش بوون.

2- ( موخەدەرات ) لە شەرعدا: پێی دەوترێت ( المرفيئات) واتە: ئەوەی ئەقڵ و هەستی مرۆڤ نەبوون

و نادیار دەکات، بۆ ئەوەی توشی سەرخۆشی و بەزمی بکات، بەڵام ئەگەر توشی ئەوانەی بکات ئەوە سەرخۆشکارە (مسكر).

بێ گومان ئەم ( موخەدەرات ) مرۆڤ بێهۆش دەکات ، وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێت: ( كل مسكر خمر ، وكل مسكر حرام ، ومن شرب الخمر في الدنيا فمات وهو يدمنها لم يتب لم يشربها في الآخرة ) رواه مسلم ( 2003) . واتە: هەموو بێهۆشکەرێك ئارەقە، وە هەموو بێهۆشکەرێك حەرامە، وە ئەوەی ئارەق بخواتەوە لە دونیا و بمرێت لەسەری و تەوبە نەکات ئەوە لە ئارەقی دوارۆژ ناخواتەوە .

وە بێ گومان ( موخەدەرات ) ئەقڵی مرۆڤ بێهۆش ەکات.

حافظ ئیبن و حەجەر - رەحمەتی خوای لێبێت - دەفەرموێت:" فەرمودەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ( كل مسكر حرام ) بەڵگەیە لەسەر حەرام بوونی هەموو بێهۆشکەرێك کە مرۆڤ سەرخۆش بکات ئەگەر چی خواردنوەش نەبێت، وە ئەم حوکمە ( حەشیشەش ) دەگرێتەوە ... وە ئەگەر بڵێین کەوا بێهۆشکەر نیە بەڵام جێگیرە لە سوننەنی ئەبو داوود (النهي عن كل مسكر ومفتّر ) والله أعلم " انتهى من "فتح الباري" ( 45/10) .

واتە: نەهی کراوە لە هەموو بێهۆشکەرەوەیێك و خاوکەرەوەیێك.

وە ئەلخەتتابی - رەحمەتی خوای لێبێت - دەفەرموێت: خاوکەرەوە ( المفتر ) هەموو خواردنەوەیێکە کە لاشەی مرۆڤ خاو بکاتەوە، وە پیشەکێکە بۆ سەرخۆش بوون، وە نەهی لێکراوە بخورێتەوە چونکە دەبێتە مایەی سەرخۆش بوون.

وە شەیخولئیسلام ئیبنو تەیمیە – رەحمەتی خوای لێبێت - دەفەرموێت: " هەر شتێك ببێتە مایەی بێهۆش بوونی ئەقڵ ئەوە حەرامە، ئەگەر چی نەبێتە مایەی سەرخۆشی و بەزم، چونکە سەرخۆشی حەرامە بە ئیجماعی موسڵمانان..."

کێشەی بێهۆشکەرەکان شوێنەواری دوورو درێژی لەسەر تاك هەیە لە لایەنی تەندروستی و خێزانی و دەروونی یەوە..

لە لایەنی تەندروستی یەوە هەروەك زانراوە مادده بێهۆشکەرەکان کاردەکاتە سەر لاشەی مرۆڤ وە خانەکانی تێك دەدا وە دەبێتە هۆی لاوازی کارکردنی هەموو ئەندامەکانی لەش، وەکو دڵ و سی یەکان و گورچیلەکان ...هتد.

لایەنی خێزانیش ئەگەر سەرنج بدەین ئەم کارە کاریگەریەکی بەهێزی دەبێت بەجۆرێك کێشەی  خیزانی دروست دەکات، دەبێتە هۆی هەڵوەشانەوەی خێزان، چونکە ئەوانەی مودمینن لەسەر ئەم ماددانە بەزۆری تورە و بێ ئارامن شەڕ و ئا ژاوە لەناو ماڵدا دروست دەکەن و لایان گرنگ نی یە چی ڕوودەدات.

زۆرێك لە ئێمە ڕووداوی گەورەی کوشتن و دزی و دەست درێژێمان لە کوردستانی خۆماندا بیستوە کە بەهۆی بڵاوی ئەم ماددەیە لەناو گەنجانی ئێمەدا کەوتۆتەوە، چونکە گەنجی مودمین کوشتن و شەڕ و هەموو کارێکی خراپی لا ئاسایە ئەگەر لەگەڵ دایك و خوشك و برای خۆیشیدا بێت.

سەبارەت بە لایەنی دەروونیش مودمینی ماددە بێهۆشکەرەکان بەزۆری ئارەزووی تەنیای و دوور لە تێکەڵاوی دەکات، هەر ئەمەش جێگیرنەبوونی دەروونی لە ناخیاندا دروست دەکا.

هەربۆیە ئێمە وەك تاك کە لەیەك کۆمەڵگای پەیوەست دەژین دەبێ هاوکاری یەك بین بۆ دژایەتی کردنی ماددە بێهۆشکەرەکان وە بەرەنگاربوونەوەی ئەو کەسانەی پروپاگەندەی بۆ دەکەن یا بڵاوی دەکەنەوە لەناو بازاڕەکاندا، یان کار ئاسانی بۆدەکەن، زاڵ ببین بەسەر ئەم کیشەیەدا هەر کەسەو بەپێ ی توانای خۆی، بە ڕێنمای و

ئامۆژگاری و بەئاگاهێنانەوەی تاکەکان لە زیانەکانی ئەم بەڵایە لەسەر کەسی مودمین و دەوروبەری، ئەمەش بۆ پاراستنی ئەم کۆمەڵگایەی تێیدا دەژین وە بۆ ئەوەی بەو شێوە هێمن و ڕێك و چاکە پێشکەوتوە بمێنێتەوە کە کەسانی تر پێ ی گەیشتون وە دوور بێت لەم دەردە گەورە و کوشندەیە.

وتەیەك لە دڵەوە بۆ دڵ:

لە کۆتایدا روو دەکەمە تۆ ئەی برای گەنج و لاو ... لەبەر ئەوەی تۆ هیوا و ئومێدی ئەمرۆ و دوارۆژی ئومەتەکەتی.

دوژمنانی ئیسلام و مرۆڤایەتی لە ژێر سایەی دیموکراتیەتدا هەردەم ئەیانەوێت گەنجەکانمان بفەوتێنن ... وە گەورەترین چەك بەکار دێنن کە زیانی زیاترە لە ئاگر و ئاسن ... ( موخەدەرات ) بەکاردێنن بە شێوەیەکی شاراوە بۆ ئەوەی رۆڵەی گەلەکەمان دوور بخەنەوە لە ئاینەکەیان و توشی نەخۆشی و تەمبەڵی بکەن و نەتوانێت ئیش و کار بکات .

- پڕوایان پێ مەکە کەوا ( موخەدەرات ) خۆشیت پێ ئەبەخشێت.

- پڕوایان پێ مەکە کەوا ( موخەدەرات ) یاریدەدەرە بۆ ڕاکردن و دوور کەوتنەوە لە بارودۆخی دژوار.

- ڕوا مەکە کەوا ( موخەدەرات ) هێزو توانات پێ ئەبەخشێت.

- ڕوا مەکە کەوا ( موخەدەرات ) یارمەتیت ئەدات لە کاتی خوێندن و تاقیکردنەوە.

ئەمانەی پێشەوە هەموی خەیاڵەو دورە لە واقیعەوە .

برای ئازیزم:

لە خوا بترسە... ئەقڵت بە کار بهێنە... ئاگات لە سومعەو دوارۆژت بە ... ئاگات لە دوژمنەکەت و دوژمنی ئاینەکەت و نیشتمانەکەت بە ... دوور بکەوە لە هاوڕێی خراپ ... خۆت چەکدارکە بە چەکی باوەڕ هێنان بۆ ئەوەی بتوانین بەرامبەری هەموو کێشەیەك ببێت... لە قورئان و سوننەت هەموو دەرمانێك هەیە بۆ هەموو دەردێك.

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين